# هونەرمەند ئالان دیلان لە ئێوارە کۆڕێکی یانەی کوردی "میدیـــــــــا"دا لە ئەمستردام



هونەرمەند ئالان دیلان

یانەی کوردی لە ئەمستردام " میدیـــا " ناوبەناو لە کۆڕی ڕووبەڕودا، پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان بانگێشتن دەکات، تا هەموو گروپ و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی لەم هۆڵەندە بەسەربکاتەوە، بۆ ئەوەی سوودمەند بن لە بەهرەکانیان وخواستەکانیان فەراهەم بکەن.

بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 2002/09/21 کاتژمێر **14.00** دووی پاش نیوەڕۆ هونەرمەند (ئالان دیلان) خوێندکاری کۆنسێرڤاتوای بەشی مۆسیقای جیهانیی ئامێری گیتاری فلامینکۆی ئیسپانی لە زانکۆی ڕۆتردامی بانگێشتن کرد، تا لە ئێوارە کۆڕێکدا هەندێ زانیاری و چەند پارچە مۆسیقایەك لەم بارەیەوە پێشکەش بکات و پەیوەندی ئەم جۆرە مۆسیقایە لەگەڵ مۆسیقای کوردی و ڕۆژهەڵاتیدا ڕوون بکاتەوە.

سەەتا کارمەندێکی میدیـــا بەم شێوەیە هونەرمەند ئالان دیلانی ناساند:

ناوبراو لە ساڵی 1977 لە سلێمانی باشوری کوردستان لە دایك بووە.

له تەمەنی 16 ساڵی یەوە هاتۆتە بواری جیهانی هونەرو موسیقاوە و ئاشنای ئامێری گیتار بووە.
له ساڵی 1988 وە بە شێوەیەکی ئەکادیمی مۆسیقای جیهانی دەخوێنێت، دەیەوێت تایبەتمەندێتی وەربگرێت له مۆسیقا و کەلتوور و فۆلکلۆری فلامینکۆی ئیسپانی دا.
ئێستا هەوڵی وەرگێڕانی کتێبێك دەدات بە ناوی ئەلف و بێ له بنچینەکانی مۆسیقادا، که تایبەتمەند دەبێت بە ڕێزمانی مۆسیقای گشتی کلاسیکی و ئەورووپی. ئەم کتێبە بناغەیەکی ساکار دەبێت بۆ ئەوەی ببێتە بابەتێك له پەیمانگا مۆسیقیيەکاندا.
لەو کتێبەدا هونەرمەند باسی بناغەکانی مۆسیقای فلامینکۆو یاساکانی بۆ ئەو کەسانە ڕوونکردەکاتەوە، که ئارەزووی فێربوونی جیهانی بەرفراوانی ئەم هونەرە فۆلکلۆرییە دەکەن. بە بەشێکی تری کتێبەکە باس له کۆمەڵێك ڕێزمانی مۆسیقای کلاسیك و فلامینکۆو مۆسیقای کوردی دەکات .
لەم کاتەدا ئەم خوێندکارە کوردە، زۆر پێویستی بە خەڵکانی خۆیەتی و بە هۆی دووری و کەمی پەیوەندی له نێوان هونەرمەندە مۆسیقیيە کوردەکانی دەرەوە کۆمەڵێك گرفتی بچوکی هاتۆتە ڕێ له ئاستی نەبوونی زانیاری تەواو دەربارەی مۆسیقای کوردی. جابۆیە ئەم کۆڕە تایبەتیيەی بۆ سازکراوە تا ببێتە هەلێك بۆ سوود وەرگرتن و سەرکەوتنی هەنگاوێکی تری ئەم هونەرمەندە بۆ پێشەوە و بیروراگۆڕینەوەی لەگەڵ هونەرمەندە کوردەکانی تردا.



هونەرمەند ئالان دیلان و مامۆستا صەلاح ڕەووف

ئەو فۆرمانەی هونەرمەند ئالان دیلان لەم کۆڕەدا پێشکەشی کرد بریتی بوون له:

بەشی یەکەم :

1. فۆرمی سۆلیا Soleá
2. فەنتاسی ئالان
3. تیەنتۆس Tientos

بەشی دووەم:

1. سیگریا Siguirias
2. تانگۆ Tango
3. فەتاسی ئالان
4. بولەریا Bulerias

لە کۆتایی کۆڕەکە و پێشکەشکردنی چەند ئاوازیکدا، کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی پسپۆڕ وەك مامۆستا صەلاح ڕەووف و نەریمان و ڕزگار پشدەری ڕا و سەرنجی خۆیان پێشکەش کرد و بووە هۆی گەرم کردنی کۆڕەکە و ڕەزامەندی و دڵخۆشی ئامادە بووان.

دیمەنێك لە کۆڕەکە

